
# لەژێر باراندا



**جەلال ئال ئەحمەد**

**و: سەروەر عومەر**

هەواکە تا چەند سات لەوەوبەر تەنگوتاریك بوو، ڕەنگێکی نیوە ڕووناکی بەخۆوە گرت. خۆر ڕەنگ پەڕیو، لە درزی هەورەکانەوە سەری دەرهێناو کەڵەکەبوونی هەورەکانی شێواند. لە شەوی ڕابردووەوە ڕێژنەیەکی توندی پاییزی لە بارینداا بوو. هەندێك جار پانتایی ئاسمان ڕەش دائەگەڕاو هەندێك کات ڕەنگی قوڕقوشمی ئەگرتو ئێستا کە خۆر لەنێوان هەورەکانەوە هاتبووە دەرەوە، بایەکی سازگار هەڵیکردبوو و گەڵاّ زەردو وشکەکانی بەسەر زەویدا بەکێش ئەکرد.

موراد، پانتایی شەقامەکەی بە زەحمەت تێپەڕاندو پاڵی بە دیوارە بە گەچ سواخدراوەکەوە دایەوەو چاوی لە ڕەشەوە هاتو چەند دەنگێکی وەك ویزەویزی ئەو هەنگانەی لەژێر تاقدا ئەفڕن کەوتە بەرگوێی.

هێز لە دەست‌وپێیدا نەمابوو. چاوی لە رەشەوە هات‌و بەهێواشی دانیشت‌و هەموو شتێك مات‌و شێواو هاتە بەرچاوی..

بەیانی بەگەدەی بەتاڵەوە لە قاوەخانەکە هاتبووە دەرەوە، شەوی رابردوو هەندێك عارەقی خۆڕایی دەستکەوتبوو و بە رووتی بەسەریەوە نابوو، ماوەیەکی کەم نەشئە گرتبووی. بەشی گواستنەوەی خوێن، دیوارە خشتییە رەنگ سوورەکان، بنکەشییە رەشەکان، دەرگا یەك تاکە سپییەکان، ئەو بۆرییە لاستیکییانەی بەدەوری باسکیدا ئەڵقەی بەستبوو.. شەش‌و پێنج.. دەرزی.. دوو بەدوو.. سێ بەچوار..و.. خۆر دووبارە ونبووەوەو نم نم باران زەویی تەڕکرد. ئێوارە لە رێدا بوو. هەوا ساردو چرووسێنەر بوو.

گۆنا ئێسقانییەکانی موراد دەرپەڕیبوو. دەستە بێهێزەکانی بەملاولایدا شۆڕبوونەوەو لێوە وشەکەکانی دڵۆپە وردەکانی بارانیان هەڵئەمژی. موراد بەیانی بە دەمی تاڵەوە، خامۆش‌و بێئومێد لەسەر چەرپای قاوەخانەکە هەستاو بەتانییە سەربازییەکەی قەدکردو خستییە عەمبارەکەوە. خاولییەکی رزیوو چڵکبواردووی لە ملیەوە پێچاو لە قاوەخانە بەدەرکەوت‌و.. هەر ئەوەندەی کە هەتاو بریسکەی دایەوەو ساتێکی کەم درەوشایەوە، لە تەنیشت دیواری نزمی بەشی گواستنەوەی خوێنەوە، لە پەنای ئەوانی دیکەوە لەسەر پاژنەی پێ بە چیچکانەوە شانبەشانی ئەوانی دیکە چاوەڕوان دانیشت‌و گوێی بۆ قسەکان رادێرا.

—لامەزەب! گوێی پیاو ویزەویز ئەکات.

—دەی شیلەی رۆحی پیاو دەرئەهێنن.. خۆ گاڵتە نییە.. وەك شتێ هەرچی گەرمایی لە لەشی پیاودایە دێتە دەرەوە.

—لە بەرامبەردا بە ماوەی یەك دوو ڕۆژ دەکەوێتە سەر رێ. هەڤدە تومەن پارەیەکی کەم نییە، ئەکرێ چل نانە چەوی پێ بکڕیت. سکی عەشیرەتێکی پێ تێر ئەبێت.

چەناگە درێژەکان ئەجووڵاو شەویلگەکان ئەکەوتنە سەر یەك‌و قسەکان لەنێوان لێوەکانەوە هەڵئەڕژان.

—ژنەکەم لە مانگی خۆیایەتی.. دوێنێشەو نەیهێشت وەنەوزێکیش بدەم، لە پەناگوێمدا ئەیبۆڵاند، بڕۆ.. سبەینێ بڕۆ.. جارێکی تر بیفرۆشە. ئەم یەك دوو رۆژە ژیانمان رەنگە شتێك بێت.. خوا گەورەیە.. بەڵام ئەزانی ئەترسم وەری نەگرن؟ ئاخر چەند رۆژ لەمەوبەر جارێکی دیکە فرۆشتم.

—پەیوەندیی بە کەسەوە نییە. تۆ خوێنی خۆت ئەفرۆشی..

نیگای موراد لەسەر ئەو زارانە بوو کە کەمێك لەولاترەوە، لەنێوان سێ کەسدا لەسەر زەوی ئەخولانەوە.

—پێنج‌و شەش.

—لێیگەڕێ! ئێستا حەوتی تەواوت بۆ ئەهێنم.

—دوو بە چوار.

—بەدبەخت.

دەستەکان بە ڕانەکاندا ئەکێشران‌و زارەکان کە بەسەر زەویدا ئەخولانەوە.

—ئەی لامەزەب.. ئەوەیە بەدبەختی.. هیچکات یەك زەڕە شانسم نەبووە.

—ئەگەر هەتبوایە ناوت (شانس الله) ئەبوو. ئێمە ئەبێ بڕۆین‌و سەربنێینەوەو بمرین.

موراد بەهۆی خواردنەوەکەی شەوی رابردووەوە کەنەفت، کەم حەوسەڵەو بێزار بوو. خۆرخنکاو هەورەکان ئاوسان‌و ئاسمان رەش داگەڕا. موراد هەستاو کلاشەکانی بەسەر زەویدا راکێشاو چووە پێشەوە. سەرما چووە گیانیەوە. کۆکە قوڕگی گرت‌و فرمێسك لە چاوانیدا قەتیس بوو.

—کوڕینە لەسەر چی یاری ئەکەن؟

—پارە.

—پارە؟!

—بەڵێ ئیدی پارە.. وەختێك ئەوێ کرایەوە حساب ئەکەین..

پەنجەیەکی درێژ ئاماژەی بۆ بەشی وەرگرتنی خوێن کرد.

—نیو سەعاتی دیکە ئەکرێتەوە.. تۆ بایی چەند ئەفرۆشی؟

—هەرچەندێکیان بوێ.

—لە هەڤدە تومەن زیاتر ناکرێ.. ئەگەر زیاتر وەربگرن پیاو ئەبورێتەوە.

—باشە.. منیش یاری ئەکەم.

لە لایانەوە دانیشتو زارەکانی لە دەستی تەزیویدا سووڕاندو هەڵیدایە سەر زەویو کێشای بە ڕانی خۆیدا (...ئەگەر هەمووی بەرمەوە پارەیەکی باشم چنگ ئەکەوێ.. سەرەتا چاکەتێك ئەکڕم.. ئەمشەویش خواردنێکی شاهانە. تێر عارەقو کۆتایی شەویش سۆزانی.....) زارەکانی لەسەر زەوی خولانەوەو دەموچاوی موراد تێکچوو (ئەی خوا بتبڕێ زار!) دیسان زارەکانی هەڵگرتەوە.

—نۆرەی تۆ نییە.

—ئەزانم... بەلأم ئەمەوێت جارێکی دیکە هەڵیانبدەمەوە.

—لە نۆرەی خۆتا هەڵیانبدە.

—ئەمەوێ تاقییان بکەمەوە.

—ئەگەر ئەتەوێ یاری بکەی بزانە گزیکردن لای ئێمە نییە. ئێمە ئەبینی؟ هەموو یەکدیمان قبوڵە، یاری ئەکەین، دوایی حساب ئەکەین.. ئەگەر بەدوای گێچەڵدا ئەگەڕێی لە ئێستاوە لاچۆ.

موراد بە ئارامی زارەکانی فڕێدایە سەرزەویو خاولییەکەی لە ملی توندکردو نەرمایی ڕانی خۆی بە پەنجە گوشی.

—پێنج بە دوو.

—بەدکردارە زار ئەڕوێنێت.

—بوو بە سێ تومەن.

—بخوێنە.

—یەك تومەن.

دەنگی پیاوێکی چرچ کەوتبووە نێوچەوانیو مووی زەردو چاوی بەقووڵدا چووبوو، بەرگوێیان کەوت:

—ئاخر ئەمەش بوو بە ئیش؟.. پیاو لەسەر گیانی خۆی قومار ئەکات؟.. خوێنی خۆی ئەفرۆشێو لەسەر پارەکەی زارزارێن بکات؟.. ئای چەند بێباکن!

موراد بیری کردەوە (تا ئێستا پێنج لە دواوەم.. بەلأم ئەگەر هەمووی بەرمەوە.. ئاخ..) سەرما بە جەستەیدا تێپەڕیو کزە گوێیەکانی تەزاند. خۆر دووبارە دەرکەوتەوەو گەرمایی بێخەرجیی خۆی بەسەر شاردا بلأوکردەوە.

ئێوارە لەڕێدا بوو. موراد لە تەنیشت دیواری بە گەچ سواخدراوەوە، لەسەر زەوی کەوتبوو. گۆنای بە بەردڕێژی پیادەڕۆکەوە نووسابوو. قاچەکانی لەسەر سکی کۆکردبووەوەو زەینی هەولی ئەدا ڕووداوەکان پێکەوە ببەستێتەوە (چارەنووس؟..نا؟ لە نێوچەوانی هەر کەسێکدا چارەنووسی نووسراوە..ها!.. چارەنووس!.. تەنها حەزی ئەکرد.. حەز.. لەوانەیە قیافەمی بەدڵ نەبووبێت. ناپیاو.. بەرامبەرم راوەستاو دەنگی گرکردەوەو وتی: (چەنەبازی بەسە. ئێرە وەك سەربازگە وایە.. ئەبێ ئیش بکەیتو کارت بەسەر هیچ شتێکەوە نەبێت، تۆ ئەبێ سەتڵی ڕەنگ بناسیتەوەو فڵچە..) ئەندێشەی فڕیو بەشوێن رابردووە دوورەکاندا کە کەمو زۆر لە تاریکیی زەماندا ونبووبوون، گەڕا. وەختێك چاوی کردەوەو خۆی ناسی، زانیی کە بێئیشە، نە قوتابخانە، نە خوێندەواریو نە پیشەیەك. ئاخ! لەو ڕۆژانە.. کە بەهار ئەهات لەگەڵ کوڕەکان ئەچووینە نێو باخ. من هەمیشە حەزم لە گوڵی پاقلە بووە. سەرتاپای ئەو دەشتە سەوزاییو گوڵ بوو. گوڵی پاقلە، گوڵێ بەیبوون، شمشاد، گوڵی وەنەوشەیی باینجان.. کاهو.. کەلەرم..) شینبوونەوەکانی جەستەی باوکیو مرخەمرخە گیانبڕەکانی کە لە بێخی قوڕگەوە هەڵئەستاو لەگەڵ خوێنی پووکەکاندا لە دەمەوە دەرئەچوون، رایچڵەکان. قاچەکانی زیاتر لەسەر سکی کۆکردەوەو تاوێك چاوی کردەوەو دووبارە دایخستەوە. باوکی باخەوان بوو.

شەوێك كە لە ناوەڕاستی دێراوی شووتییەكاندا، لەژێر ساباتدا خەوتبوو. تەمەنی كۆتایی پێ هات. نزیكی بەیانی، وەختێك هەڵئەستێت بەشوێن بێڵدا بڕوات، مار بە بنی پێیەوە ئەدات، تا وڵاخدار پەیدا ئەكەنو بەتانییەكی تێوە ئەپێچنو سواری ئەكەنو ئەیگەیەننە شار، ژەهر كاری خۆی ئەكاتو..

با– لە هاژوهوژ كەوتبوو و دڵۆپەكانی باران گەورەتر بووبوون. شەقام چۆڵ بوو. سەگێكی زلی تووكنی قووڕاوی لە تەنیشت مورادەوە تێپەڕیو گڵۆپی ئەودیو پەنجەرەكانی رووبەڕوو دانەدانە هەڵكرانو شووشە تاریكەكان، وەك چاوی نەخۆشە كەمخوێنەكان زەردهەڵگەڕان.

موراد بە گران دەستی لەنێوان رانەكانییەوە دەرهێناو ئەو خاولییەی كە لە ملیەوە پێچابوو دای بەسەریدا. (پەتا بوو؟.. تاعون؟.. نا، تیفۆس..)و ساتێكی زوو تێپەڕ، قورسایی تابوتی دایكی لەسەر شانی خۆی هەستپێكرد. سەری تاشراوی دایە، دەموچاوی رەنگپەڕیو، لوتی درێژو دەستە ئیسقانیو زەردەڵەكانی دایكی هاتە بەرچاوی. زیاتر سەری خۆی بردە نێو خاولییەكەوە (..ئاخ.. ئەم مەلاریا نەفرەتییە.. زۆرترین خەڵكی شاری كوشت.. مامە یوسف، وەستا عەباس.. زەری پاقلەفرۆش. دایە رەحیم، برا گەورەكەی مەنسوور كە ئەیانوت بە شەستیرێكەوە رێگەی بە فەوجێكی هیندی گرتووە.. زایری فەلاحو قاتعی كوڕی) باران جلەكانی تەڕكردو ئاو نم نم دایدایە سەر جەستەی. سەرما بە پشتەملیدا تێپەڕی، زیڕەی لە كەلەكەی هەستاند. (ئەم كۆڵنجە نەفرەتییەش لە كۆڵم نابێتەوە.. ئاخ، سەربازە ئەمریكاییە بێویژدانەكان..) ئەو دەمانەی وەبیرهاتەوە كە ئیشی بۆ ئەمریكاییەكان ئەكرد. لە دەرەوەی شار خانوویان دروست ئەكرد. خانووی گەورە گەورە، وەك سەربازخانە. سەرەتا كرێكار بوو، بووە بۆیاخچی، یەكێك لە ئەمریكاییەكان كە زەبروزەنگییەكەی بەدڵدا چووبوو بردبووی ژوورەكەی بۆ خاوێن بكاتەوە، قاوەی بۆ دەم بكاتو بەردەستیی بۆ بكات. (خراپ نەبوو.. شیری قوتووم ئەخوارد، بنێشت، بەڵام گۆشتی بەراز نا!.. پیاو بێغیرەت ئەكات.. لە عارەقیش حەرامترە) كەلەكەی بە توندی بروسكەی پیاهاتو جووڵایەوە. (نەفرەتیانە.. بۆ پاكەتێك جگەرە چ بەلایەكیان بەسەرم هێنا. خۆیان سەد دانە سەد دانە ئەیانبرد بۆ شارو ئەیانفرۆشتو لەبەرامبەردا ڤۆدگایان ئەكڕیو وەك كەر ئەیانخواردەوەو وەك سەگ هار ئەبوون.. بەڵام لەسەر پاكەتێك جگەرە رووتیان كردمەوەو هەڵیاندامە نێو حەوزەوە. هەر كە سەرم ئەهێنایە دەرەوە بە دار ئەیانكێشا بە مێشكمدا. هەموو مەستبوونو وەك شێتەكان پێئەكەنین. كە نیوەگیان بووم لە حەوزەكە دەریانهێنامو.. لەو رۆژەوە.. ئاخ.. لەو رۆژەوە كەلەكەم..) دیسان بروسكە بە كەلەكەیدا هاتەوە (رۆڵەم لەگەڵ رۆڵەیاندا باش نابێت..) حەوزەكە گیانی تێ هاتبووەوە بۆی! بەهار بوو. رۆژێكی هەتاوی خۆش. لەو رۆژانەی كە پیاو حەز ئەكات بڕواتە دەشتودەرو لە نێوان گوڵو سەوزەگیادا پیاسە بكاتو گۆرانی بڵێت.. بەڵام من لە حەوزەكەدا گیانم ئەدا. مسوڵمانێكیش نەبوو فریام بكەوێت.. تف!.. ئێوارەی ئەو رۆژە لای ئەمریكاییەكان رۆیشتبوو و لە رۆژی دواترەوە گوێزی بەو پۆڵەندییانە فرۆشتبوو كە لە سەربازخانەدا لەودیو تەلەدڕكاوییەكانەوە لە تەویلەكاندا بەكۆمەڵ ئەژیانو پاشان لەگەڵ یەكێك لە كچەكانیاندا خۆی رێكخستبوو و گوێزی خۆڕایی پێدابوو و جارجار چێژی لە بینینی وەرگرتبوو و بە هێماو ئاماژە پێكەوە قسەیان كردبوو. (چ چاوانێكی جوانی هەبوو. كەسكو پاك. مووی زەردو سنگی لەرزانیو پێستی كە لە رەنگی خوێنو خوێی تێكەڵ ئەچوو..چ رۆژانێكی خۆشبوو!...) بە توندی جەستەی لەرزی.

هەورەكان خەریكی هێنانە دونیای بارانێكی قورس بوون. لە باشوورەوە تۆپەڵێكی رەشی لغاو پچڕاو ئەهاتو ساتبەسات پانتایی ئاسمانی قووت ئەدا. (ئەو رۆژەش كە ئەو ئوتومبێلە لە گۆڕەپانی موجەسەمەدا، لەبەردەم پردی سپیی كاروندا پیرەمێردەكەی كرد بە

ژێرەوەو زەوی سوور بوو و ئۆتومبێلەکە بۆی دەرچوو.. ئەو دوو ئەمریکاییەش کە لەسەر ئەو فاحیشەیە کەوتنە گیانی یەك.. حیکایەتی چەند ساڵە؟.. هەژدە ساڵ لەمەوبەر؟.. بیست ساڵ؟.. ئاخ.. هەر ئەو رۆژانە بوو کە چوومە دەرەوەو شاربەشارو دواجار بۆ تارانی وێران بوو!.. ئەو نامەردە! کە یەك هەفتە لەمەوبەر بەرامبەرم راوەستایەوەو دەنگی گرکردەوە: (چەنەبازی بەسە. ئێرە وەك سەربازخانە وایە، ئەبێت لە فەرمانی وەستاکەت دەرنەچی.. بیری چووبوویەوە کە خۆی خەرەکە شکاوی ئەمریکاییەکانی ئەدزی.. تایەی ئۆتومبێلەکانی ئەدزی.. ئێستا بووە بە خاوەنکار.. چەنەبازی بەسە چاوت دەرئەهات! نیوەرۆ تەنها یەك سەعات پشوو. هەر ئەوەیە!.. لە هەموو شوێنێك هەروایە. ئەگەر کرێکارێکی باش بوویتایە قسەیەکمان لێ ئەکرد. هەر جێگایەکت بۆیە کردووە هەمووی شەپۆلو سێبەری هەیە. پێتوایە لەبەر ئەوەی من ئەناسی ئەبێت هەموو شتێکت لێ قبووڵ بکەم؟.. تۆ هیچ کات ئیشەکانت یەك پارچە دەرنەچووە.. بەتۆ چی یەك سەعات کەمە.. دە سەعات ئیش.. یازدە سەعات.. هەر ئەوەیە.. ئەوە خۆناکرێت ناوی بنرێت چارەنووس.. بە نووکە شەق کردمیە دەرەوە.. حەزی ئەکرد.. حەز.. ناپیاو!..) بەیانی بە گەدەی بەتاڵەوە لە قاوەخانە هاتبووە دەرەوەو ناوەمی کە بەهۆی عارەقەکەی دوێنێشەوەوە تاڵ بوو و برسێتی نیوەرۆ، چزووی ئەو دەرزییەی کردبوویان بە دەمارەکەیداو ئەو زارانەی لەسەر زەوی خولابوونەوەو ئەو هەقدە تومەنەی لە دەستی چووبوو. (بێویژدان، دووجار سرنجە شووشەییەکەی پرکرد.. دووجار.. گوێیەکانم کەوتنە ویزەویز.. دوو بە پێنج.. تف.. ئەو پیاوە، بەدوای یەکدا، حەوت، حەوت..و من.. یەکجاریش نەمبردەوە.. هەمووی سێ بە یەك، دوو بە چوار.. نەفرەت لەو بەختە) ئاوی باران لە خاولییەکە نیشتبوو و دایدابووە سەر گۆناکانی. بایەکی لەناکاو و شێتانە هەڵیکردو بارانێکی بەهێز زەویی دایە بەر قامچی! با–ش سکئێشەی گرتووە.. دوو بە یەك.. چوار بە دوو..).

شووشەی پەنجەرەکانی بەرامبەر ئەلەرزین و جۆگەی کەنار شەقامەکە، بە پرتاو بەسەر یەکدا ئەخزا. گڵۆپی ئەودیو پەنجەرەکان کوژانەوەو ئەو زەردییەی کەوتبووە سەر شەقامەکە چنرایەوەو با–و تاریکی و تەنهایی بە دەمارەکانی شاردا تێئەپەڕی و دڵی شار لێی ئەداو لێدانی دڵی مورادیش، سات لە دوای سات هێواشتر ئەبووەوە.

**سەرچاوە:** سایتی WWW.parswebgate.ir